گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/zeb43272
ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٥/٠٥/١٥
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٥/٠٨/٠٤
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# گەمەی نواندن لەنێوان ئەکتەری پیشەگەر و ئەماتۆر لەفیلمی سینەمایی کوردیدا

**ئارین ڕضا صالح[1] - سەردار محمود سعید[2]**
arin.salh@univsul.edu.iq- sardarmahmud72@gmail.com
[1]بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2]بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

یەکێک لەهەرە کاریگەرترین نیشانەکانی شوناسی فیلمی سینەمایی، لەسینەما زۆر پێشکەوتوەکانی جیهانیشدا، تواناو کارامەیی ئەکتەرەکانیەتی لەنەخشاندنی گەمەی گونجاوی نواندن بۆ سیناریۆ و دیدی دەرهێنەر و تەنانەت تەکنیک و کەرەستەی بەردەستیش، هەر بۆیە نواندن و تەکنیکەکانی و وردەکاریی هونەر و کاری ئەکتەر چ ئەماتۆربن یان پیشەگەر کلیلی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی فیلمەکانن. لێرەوە گرنگیی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بۆ پسپۆڕ و توێژەرانی بواری سینەما لەکوردستان ئەرکێکی زانستی و هونەری و تەنانەت ئاکاریشە، بەتایبەت کە فیلمی سینەمایی کوردی لەم ڕووەوە دوچاری ئاڵنگاریی گەورە دەبێتەوە لە پێکەوەکارکردنی ئەکتەرانی پیشەگەرو ئەماتۆردا.

ئەم توێژینەوەیە (گەمەی نواندن لەنێوان ئەکتەری پیشەگەرو ئەماتۆر لەفیلمی سینەمایی کوردیدا)، لەسێ بەشدا؛ کەیەکەمیان تەرخانە بۆ پەیڕەوی توێژینەوەکەو دووەمیان بۆ چوارچێوە تیۆرییەکەی و سێیەمیشیان بۆ ڕێوشوێنەکانی، هەوڵیداوە پانتاییەکی فراوان لەپێشینەی تیۆریی پەیوەندیدار بە بابەتی توێژینەوەکە ڕوماڵ بکات، چ وەک پێکهاتەی چوارچوارچێوەی تیۆری، چ وەک بەسەرکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی پێشتر. لەدیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەوەبوکە؛ جەستەی ئەکتەری پیشەگەر بوێریی لەجوڵەدا زیاترە لەچاو جەستەی ئەکتەری ئەماتۆردا، شێوازی (فیلمی ڕێگە) دەرفەتی زیاتر بۆ گەمەی نواندن دەڕەخسێنێت، ئەکتەری ئەماتۆریش لەناو کەشی دیمەنی ڕیالیستی و تەکنیکی نواندنی سروشتگەراییانەدا توانای بەرجەستەکردنی زیاترە، بەتایبەت لە دۆخ و دیمەنە سۆزدارییەکاندا، ئەکتەری پیشەگەر دەتوانن شێوازی جیاوازو بگرە دژبەیەکیش لەبەرجەستەکردنی کاراکتەری هاوشێوەدا پەیڕەوبکەن، لەساتەکانی بەریەککەوتنی دو ئەکتەری پیشەگەری خاوەن دو شێوازی جیاوازی نواندن - یان ئەکتەرێکی پیشەگەرو ئەکتەرێکی ئەماتۆر، ئەوا تەکنیکی (کردارو پەرچەکردار) دەبێتە گەمەی سەرەکیی نواندن، کە ئەکتەری ئەماتۆر لەنواندنی پەرچەکرداردا توانای زیاترە تا لەنواندنی کرداردا.

**کلیلە وشەکان:** گەمەی نواندن، ئەکتەری پیشەگەر، ئەکتەری ئەماتۆر، فیلمی سینەمایی، فیلمی سینەمایی کوردی

# The Game of Acting Between Professional and Amateur Actors in Kurdish Feature Films

**Arin Radha Salih[1] - Sardar Mahmud Saeed[2]**

[1]Department of Culture and Media, Presidency of Sulaimani University, Sulaimani ,Kurdistan Region, Iraq

[2] Department of Educational Training and Development, General Directorate of Education, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

Abstract:

One of the most influential signs of the identity of a film is the ability of its actors to design the appropriate acting game for the script, the director's vision the available techniques, that's why the acting; its techniques, its art details, and the work of actors, whether amateur or professional, is the key to the success or failure of films. Therefore, the importance of conducting this research is a scientific, artistic and even moral duty for experts and researchers in the field of cinema in Kurdistan, especially Kurdish cinema faces great challenges in this regard in the cooperation of professional and amateur actors, which has become a prominent and repeated hallmark in it. This research was keen, in three parts: research methodology, theoretical framework and research procedures, to cover a wide area of theoretical backgrounds related to its topic. Among the conclusions that emerged from it is that amateur actors are more able to express themselves in realistic scenes and natural acting techniques, especially in emotional situations and scenes, and professional actors can follow different and opposite patterns in portraying similar characters. And in the moments when two professional actors with different acting styles meet, or a professional actor and an amateur actor, the technique of (action and reaction) becomes the main game in acting, and amateur actors are more capable of acting the reaction than they are of acting the action itself.

**Keywords:** Acting Game, Professional Actor, Amateur Actor, Feature Films, Kurdish Feature Films

## بەشی یەکەم: پەیڕەوی توێژینەوەکە

### پێشەکی:

هونەری نواندن ڕیشەیەکی قوڵی لەناو ناخ و دەرونی مرۆڤدا هەیە، بەجۆرێک کە هەمو مرۆڤێک بەخۆرسک کەرەستەخاوەکانی ئەکتەرێکی کارامەی تێدایە، ئەوانەی کە ژیان و ئەزمون و دەرفەتەکانی دەیانبەنەوە سەر ئەو کەرەستە خاوانە لەوانەیتر، کە ڕێیان ناچێتەوە سەریان، زیاتر ئەگەری بون بە ئەکتەریان هەیە. بەڵام بۆ ئەوانەی ئەو ئەگەرەشیان

هەیە هێشتا مەرج نییە هەمویان تواناو دەرفەت و بڕست و هۆشیاریی وەک یەکیان دەستگیر ببێت، یان خۆیان بەپێی پێویست دەستگیری بکەن. لێرەوە زەمینەی جیابونەوەی ئەکتەری پیشەگەر و ئەکتەری ئەماتۆر دەرەخسێت.

نواندنی هونەریانەی ڕاستگۆ و قایلکەر پردێکی پتەو لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا دروستدەکات بۆ ژیانبەبەرداکردنی چیرۆکەکان، جا لەهەر جۆرو تەرزو تایبەتمەندییەک بن.

**١ -١ کێشەی توێژینەوەکە:**

لەناو ئەو کێشەو ئاڵەنگارییە زۆرانەی پرۆسەی بەرهەمهێنان و دروستکردنی فیلمی سینەمایی لەکوردستان دوچاریان دەبێتەوە، هونەرو تەکنیکەکانی نواندن پانتاییەکی فراوان داگیردەکەن، گەر نەشڵێین پشکی شێریان بەردەکەوێت. کێشەکانی نواندن سەرەکی و کاریگەرترینن، چونکە هەرچەندە تەکنیکەکانی دروستکردنی فیلم و دیدی دەرهێنەرانە وردو هونەری و داهێنەرانەش بن هێشتا توخمی هەرە کاریگەری فیلمی سینەمایی هەر ئەکتەرە. لەناو کێشە بینراو چەندبارەبوەکانی نواندیشدا، توێژەران تێبینیی ئەوەیان کردوە کە کۆکردنەوەی ئەکتەری پیشەگەرو ئەکتەری ئەماتۆر لەفیلمی سینەمایی کوردیدا کێشەیەکی بەرچاوی هەمەلایەنەیەو شایستەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، بۆیە ئەم پرسەیان کردە کێشەی توێژینەوەکەیان و لەم پرسیارەدا دایانڕشت:

- کاریگەریی کارکردنی ئەکتەری پیشەگەرو ئەماتۆر پێکەوە لەفیلمی سینەمایی کوردیدا بۆ نەخشاندنی گەمەی نواندن لەچیدایە؟

**١ – ٢ گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ فیلمسازان تابتوانن سود لەتوانا جیاوازەکان وەربگرن و بزانن کەی پەنابەن بۆ ئەکتەری پیشەگەر یان ئەماتۆر یاخود هەردوکیان پیکەوە بۆ ڕۆڵبینین لەفیلمەکانیاندا، بۆیە سودبەخش دەبێت بۆ:

١- ناوەندی ئەکادیمیی کوردستان بەگشتی و ناوەندی فیلمسازی بەتایبەتی

٢- کتێبخانەی کوردی

**١ – ٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١- پشکنینی چۆنێتیی مامەڵەکردنی فیلمی سینەمایی کوردی لەگەڵ ئەکتەری پیشەگەرو ئەماتۆردا.

٢- تێڕامان لەچۆنێتیی کارکردنی ئەکتەرانی پیشەگەر و ئەماتۆر پێکەوە لە فیلمی سینەمایی کوردیدا.

**١ – ٤ سنورەکانی توێژینەوەکە:**

سنوری شوێن: هەرێمی کوردستان

سنوری کات: ٢٠٠٦

سنوری بابەت: نواندن لەفیلمی سینەمایی کوردیدا

سنوری مرۆیی: ئەکتەری پیشەگەرو ئەکتەری ئەماتۆر (ئارەزومەند)

**١ – ٥ زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

**ئەکتەری پیشەگەر:**

دەربارەی ئەکتەری پیشەگەر پێناسەی جۆراوجۆر و جیاواز زۆرن، (ولیام جەیمس) کە بەئەکتەری ئامادەکراو ناویدەبات، پێیوایە ئەکتەری پیشەگەر ئەو ئەکتەرەیە "کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەست بەتەواوی هەڵچونەکانی

خۆی بکات، ئەویش بەهۆی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لەبەگەڕخستنی ماسولکەکانی، دیارە ئەوەش بەلای ئەکتەرەوە ئاسانکارییە لەپەیبردن بەپەیوەندیی نێوان توانا جەستەییەکانی خۆی و هەستە ناوەکییەکان. (جاف، ٢٠١٣، ١٠٦)

لە پێناسەیەکی تردا هاتوە؛ ئەکتەری پیشەگەر، ئەوکەسەیە کەخاوەنی تەکنیکەو زانیاری لەسەر تیۆرو سەرجەم توخمەکانی سینەما هەیە، هەر ڕوداوێک لە واقیعدا ڕوبدات، لە نواندندا زۆر بەوریایی مامەڵەی لەگەڵ دەکات. (صالح،٢٠٠٢، ٣٦٠)

لەگۆشەنیگایەکی تایبەتمەندانەشەوە (د.فازل جاف) بەئەکتەری ڕاهێنراو یان ئەکتەری بایۆمیکانیک ناویدەبات و لەو باوەڕەدایە کە ئەکتەری پیشەگەر تواناکانی لەڕێی بەکارهێنانی تەواوی ئەزمونی بەرفراوانی شانۆییەوە بونیادناوە لەهەڵبژاردنی ڕاهێنان و مەشقی تایبەت لەسەر بنچینەی زۆرترین سەرچاوەی داینامیکی، وەک سێرک، میوزیک، بۆکسێن، جومناستیک، مەشقی سەربازی، شانۆی چینی، شانۆی کابوکی ... هتد. (جاف، ٢٠١٣، ١٠٦)

توێژەران لەگەڵ پێناسەکەی (ولیام جەیمس) بۆ ئەم زاراوەیە کۆکن و دەیکەنە پێناسەی کردەیی توێژینەوەکەیان، چونکە کورت و پوخت چوارچێوەی تەکنیکیانەی کاری ئەکتەری پیشەگەر دیاریدەکات.

**ئەکتەری ئەماتۆر:**

ئەکتەری ئەماتۆر، لە سینەمادا ئاماژەیە بۆ کەسێک کە بە شێوەیەکی پیشەیی ڕانەهێنراوە یان ئەزمونی لەبواری نواندندا نییە بەڵام هێشتا بەشداری لەپرۆژەی فیلمدا دەکات، زۆرجار ڕۆڵی بچوک یان بێ بەرامبەریان پێدەدرێت، لەوانەیە ئەم تاکانە خولیای نواندنیان هەبێت و لەوانەیە بەشداری لەفیلمە سەربەخۆکان، پرۆژەی خوێندکاران، یان بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان بکەن. (Rabiger, 2003, 269)

ئەوکەسەیە کە ڕاستەوخۆ لەناو خەلکەوە هەڵدەبژێردرێت بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵێک و بۆیەکەمجار دێتە بەردەم کامێرا، بەمەبەستی نواندن. (جورنو، ٢٠٠٩، ١٦)

توێژەران ئەم پێناسەیەی جۆرنۆ بۆ ئەم زاراوەیە دەکەنە پێناسە پراکتیکیی توێژینەوەکە.

**بەشی دوەم: چوارچێوەی تیۆری**

**٢–١: نواندن لەزیادەڕۆییەوە بەرەو سروشتیبون**

لەگەڵ بنەجێبونی پێگەی هونەری نواندن لەفیلمی سینەماییدا، فیلمسازەکانی سەرەتا دەرکیان بەگرنگیی ئەکتەری پیشەگەربۆ بەرهەمەکانیان کرد، بۆیە ناچار بون کەئەکتەری شانۆیی خاوەن ئەزمون بانگێشت بکەن بۆبەردەم کامێرا، ئەمەش ڕێیخۆشکرد بۆ دەرکەوتنی نواندنی شانۆیی لەسینەمادا، وەک لەسەر ئاستی تەکنیکییش باوە هونەری نواندن لەشانۆدا بەوە ناسراوە کەهونەری زیادەڕۆییە، چونکە لەبەر دوریی بینەر لەسەکۆی شانۆوە ئەکتەر ناچارە زیادەڕۆیی لەجوڵەو دەنگ و گوزارشتەکانیدا بکات تابگاتە دورترین بینەری ناو هۆڵەکە، (کین، ٢٠٠٨، ١٠) ئەم بنەما تەکنیکییەش لەگەڵ کامێراو نزیکی لەئاکتەرەوە ناگونجێت و جۆرێک لە ناکۆکی دروست دەکات.

لەسەرەتاکاندا بە هۆی کەمی ئەزمون و ناکارەمەییان لەنواندندا ئامۆژگاری ئەکتەر دەکرا کەزیادەڕۆیی لەکردارو گفتاریدا بکات، وەک تیشکدانەوەی چاوەکانیان، گرژکردنی ماسولکەکانیان، بۆنمونە؛ لێکنزیککردنەوەی برۆکان و گەستنی لێوەکان، قورگ وشکبونەوە، هەندێک لەو ئەکتەرانە توانییان گوزارشتی جیاواز بەهۆی ئەو تەکنیکانەوە لەکاتی وێنەگرتن بەسەرکەوتویی ئەنجامبدەن، لەوانەش: ماری بیکۆرد، ئیرل ولیامز، لیلیان گیش. (ئۆبراین، ٢٠٠٩، : ٨٢، ٩٦)

ئەو زیادەڕۆییە لەنواندنی شانۆییدا زیاتر تایبەتمەندیی کلاسیکەکان بوە، خۆ ئەوەنەبێ لەشانۆشدا پەسەندبوبێت، ئەوەتا شەکسپیر نزیکەی سێ سەدە بەر لە لەدایکبونی هونەری سینەما لەسەرزاری هاملێتەوە دژی ئەو زیدەڕۆییە وەستاوەتەوە.

شەکسپیر بەر لەهەمو شتێک ئەکتەر بوەو شانۆنامەکانیشی بۆ شانۆ نوسیوە، لەشانۆدا ژیاوەو ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ شانۆدا مامەڵەی کردوە، لەنهێنییەکانی گەیشتوە، شارەزاییەکی وردی تەکنیکی بونیادنان و سترەکچەری شانۆنامەنوسین بوە، هەر لەبەرئەوەشە زانیویەتی چی دەنوسێت، چی دەگێڕێتەوەو بەچ شێوەیەکیش دەیگێڕێتەوە. شەکسپیر ئەو ئەزمونەی هەبو کەچۆن کاراکتەرەکانی فۆرمی خۆیان وەربگرن و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بگونجێن و گەورەبن. ئەزمونی شانۆیی و شارەزایی شەکسپیر لە (هاملێت)دا ڕەنگیداوەتەوەو کاراکتەری هاملێت وەک کەسێکی شانۆپەروەر، شانۆخواز دەردەکەوێت. (شکسپیر، ٢٠٠٨، ٣١)

یەکێک لەو دەرهێنەرانەی کەخزمەتێکی زۆری مێژوی سینەمای کردوە، (دی دەبلیو گرفث)ە، هەوڵەکانی لە بواری نواندنیشدا کەم نین:

1 - بایەخێکی زۆری داوە بەدابەشکردنی ڕۆڵەکان
2 - سەرقاڵی گەران بوە بەشوێن ئەو شێوازەی دەیتوانی خواستی ئەو لەدیمەندا جێبەجێ بکات
3 - یەکێک بو لەو دەرهێنەرە دەگمەنانەی پێش وێنەگرتن ڕاهێنانی بەئەکتەرەکانی دەکرد (ئۆبراین، ٢٠٠٩، ١١٨)
4 - لەوێنەگرتنیشدا کامێرای لەسیمای ئەکتەر نزیک دەکردەوە تا گرتەی نزیکی دەست بکەوێت

ئەم نوێکاریانە هونەری نواندنیان زیاتر لەسروشتیبون نزیککردەوەو زیادەڕۆیی لەدەربڕینی هەست و سۆزو جوڵە چیتر لەگەڵ گرتەی نزیک و داهێنانە نوێیەکاندا نەدەگونجا.

پاشان بەرەو گەشەی بیرۆکەی نوان لەسینەمادا دەچین، لەڕوانینێکی سادەدا بۆ ئەو فیلمانەی لەسەرەتای مێژوی سەرهەڵدانی سینەمادا دروستکراون بەسانایی تێبینی دەکەین کە کاراکتەرەکان بەخێرایی دەجوڵێنەوە چونکە لەو ڕۆژگارەدا ئامێرەکانی وێنەگرتن بەدەست دەجولان و ڕێگەیەکی وردو دروست نەبو تاخێرایی وێنەگرتن و خێرایی پیشاندانەوەی وەک یەک لێبکرێت، (بار،١٩٩٣، ١٦) ئەکتەرەکانی ئەو سەرەتایە کەسانی ڕاهێنراو نەبون، بەڵکو خاوەنی سیمای پەسەندو دڵخواز یان ژنی شۆخ و جوان بون بەرامبەر کرێیەکی ناوەند کاریان دەکرد، لەو سەرەتایانەدا کەفیلمی سینەمایی دەنگی تێدا نەبو، زۆرینەی دەرهێنەران و بەرجەستەکاران وایاندەزانی دەبێت زیادەڕۆیی لەگوزارشت و جوڵەو گوزارشتەکانی دەموچاودا بکەن تابتوانن هەستەکانیان بەباشی بگەیەنن، بۆیە تێبینی دەکرێت کەدەستجوڵاندن و ئاماژەی زۆر هەن یان یاریکردن بەسیمای بەرجەستەکاران بەزۆری بەدیدەکرا.

ئەم ستایلە ساڵانێک بەردەوام بو، بەجۆرێک بینەر لەسەر ئەو نەریتانە ڕاهاتبون، پاشان لەبیستەکاندا وەک لەئەزمونەکانی (گریفث)ەوە دەردەکەوێت کە ئاراستەکە بەرەو جۆرێک لەریالیزم و نزیکبونەوە لەبەرجەستەکردنێکی سروشتی ڕۆیشت.

### ٢ – ٢: نواندن لەسایەی شۆڕشی پەیدابونی فیلمی دەنگداردا

سەرەڕای هەوڵە شێلگیرەکان، تاسەرهەڵدانی سینەمای دەنگدار لەساڵی ١٩٢٧دا، گۆڕانکاری گەورە نەهاتە کایەوە. ئیدی لێرەوە واقیعێکی نوێ و جیاواز لەئارادایەو پێویستە گۆڕانکاری بکرێت، (بار، ١٩٩٣، ١٦) لەم ڕۆژگارەوە دروستکردنی فیلم لەنیویۆرکەوە گواسترایەوە بۆ هۆلیودو ئیتر قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات، سەرەتای سەرهەڵدانی دەنگ کێشەی گەورە هاتە ناو دونیای فیلمسازییەوە، ڕەخنەگران و دەرهێنەرە مەزنەکانی ناو مێژوی سینەماو زانایانی ستاتیکاش پێیان

وایە (وێنە) جەوهەری سینەما دیاریدەکات و سیفاتی جیاکردنەوەی سینەمایە لەئەدەب و شانۆ و لەو بڕوایەدان کە هاوکات بونی دەنگ و بەتایبەتی قسەکردن کارەساتێکە سینەما بەرەو هەڵدێر دەبات،

'تیۆریزە سەرەتاییەکانی دەنگ کێشەیان لەگەڵ هاوکات بونی میوزیک یان کارتێکەرە دەنگییەکاندا نەبو، دوژمنی ئەوان وشەی بێژراو بو" (Fabe,1975, 59).

بەبڕوای ڕەخنەگرێکی وەک (میشێل شیون) دەنگ لەوێنە گرنگترە لەدەستنیشانکردنی کاریگەریی فیلمداو دەستکاریی تێگەیشتن و ڕوانینمان بەرامبەر وێنەیەک بکات، بۆنمونە وێنەی ژنێکی جوان دەشێت لەڕێی جۆری دەنگیەوە تێک بشکێت، وەک ئەوەی لەفیلمی (گۆرانیی ژێر باران ١٩٥٢) ڕویدا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیای برایانی وارنەر بیریان لەوە کردبوەوە کە فیلمێک دروست بکەن تێیدا گۆرانیبێژێکی ناودار گۆرانی بڵێت بەناوی (ئال جۆلسۆن)، فیلمەکە بەناوی (گۆرانیبێژی جاز) کە لەشانۆییەکی بۆرۆدوای وەرگیرابو، گۆرانیبێژەکە دەبو هەندێک گۆرانی بڵێت، بۆیە دەبو دیمەنی گۆرانییەکان بەدەنگەوە تۆمار بکرێت، ئیدی دانانی ئامێری دەنگ بو بەپێویستییەکی زۆری هۆڵەکانی نمایش، هەڵبەتە سەرەتا کۆمپانیاکان ڕەتیان کردەوە ئەم ئامێرە دابنێن، بەڵام برایانی وارنەر لەهۆڵەکانی خۆیان ئامێری دەنگیان داناو بینەرانیان توشی سەرسامییەکی تر کرد. (غەریبزادە، ٢٠١١، ٥٩-٧٠)

کۆتایی ساڵی ١٩٢٩ لەئەمریکا دروستکردنی دەنگ لەفیلمی سینەماییدا گەیشتە قۆناغی کۆتایی و هۆڵەکانی سینەما ئامێری دەنگیان لەنێودا دانرا، پەیدابونی دەنگ بوە جێی سەرنجی بینەر، بەشێوەیەک فیلمە بێدەنگە جوان و باش دروستکراوەکان نەیاندەتوانی بەهێندەی فیلمێکی دەنگداری خراپ بفرۆشرێن، ئەم دیاردەیە کاریگەریی توندی لەسەر توانای نواندن بەرپاکرد، هەندێک لەئەکتەرە ناودارەکانی ئەو ڕۆژگارە کەتوانای قسەکردنیان باش نەبو، بەدەرکەوتنی ئەستێرەکانی ئەو ڕۆژگارە بەم شێوەیە بون بەمایەی پێکەنینی بینەران و تارادەیەک وەک گاڵتەجاڕ دەردەکەوتن، لێرەوە پێویستی گەڕان بەدوای کەسانێکدا کە لەلایەک سیمایان پەسەند بێت و لەلایەکیدی توانای بێژانی دیالۆگیان هەبێت و کێشەیان نەبێت، ئەم هەنگاوە دەرهێنەرو پرۆدیوسەرەکانی ناچارکرد جارێکیتر ڕوبکەنەوە شانۆ، لەبۆرۆدوای ئەو ئەکتەرانەیان بانگهێشت کرد کە توانای بەرجەستەکردنی واقیعیانەیان هەیە، ئەم پرۆسەیە هەروا بێ کێشە تێپەڕ نەبو، ئەگەر لەو فیلمانەی سەرەتای هاتنەناوەوەی دەنگ و ئەکتەرانی بۆرۆدوای بڕوانین دەبینین کەشێوازی بەرجەستەکردنی شانۆیی هێشتا کاریگەری ماوەو جۆرێک لە زیادەڕۆیی لەشێوازی نواندندا بەدیدەکرێت. (بار،١٩٩٣، ١٧)، ئەم وەرچەرخانە گرنگەی نواندن لەفیلمی سینەماییدا، هاوکات و بەرکارە بەچەند فاکتەرێکی کاریگەر کەڕاستەوخۆ ڕۆڵی بەرچاویان لەنەخشاندنی سیمای هونەری نواندن بۆ سینەمای لەوەبەدوا بینیوە، لەدیارترینی ئەو فاکتەرانەش:

1 - ئەزمونەکانی ستانسلاڤسکی لەشانۆی مۆسکۆ دەربارەی نواندنی دەرونی و شێوازی ڕاستگۆیانەو ڕیالیزمی بەرجەستەکردن لەگەشەدا بون. هەر لەم ئاقارەوە سێ ئەکتەری زۆر جیاوازو ناوازە دەرکەوتن، سەرەتا (مارلۆن براندۆ) و دوای ئەویش (مۆنتگۆمری کلیفث)و (جەیمس دین)، هەرسێکیان نمونەی تاکی یاخی و ناپەیوەستی ئەو قۆناغە بون کەگومانیان لەشوناسی خۆیان دەکرد بەپێچەوانەی ئاڕاستەی بەکاربەر بون، لەبابەتی نواندندا ئەو سیانە بەجۆرە هەستیارییەکی نوێ و جیاواز هاتنەکایەوە، پاش ئەوانیش هەندێک کاراکتەری نوێ لەسەر سکرین دەرکەوتن. (بار، ١٩٩٣، ١٨- ١٩)

2 - سەرهەڵدانی تەلەفزیۆن لەپەنجاکاندا هێندەی تر دەستکاریی شێوازی نواندنی کرد، (تۆنی بار) ئاماژە بەوە دەکات کە پاش ئەم هەنگاوە ژمارەیەک لەدەرهێنەرانی تەلەفزیۆن خۆیان هاتنە ناو کایەی سینەماوە بە نمونەی (جۆن فرانکهایمەر، ڕالف نیلسۆن، ئارثەر هیلەر) ئەوان لەگەڵ خۆیان شێوازی نواندنی تەلەفزیۆنیان هێناو ژمارەیەک

لەئەکتەرانی تەلەفزیۆنیش لەفیلمدا کاریانکرد، ئیتر لێرەوە نواندنی سروشتی و سادە بو بەباوترین تایپەکانی نواندن و جێگیر کرا. (بار،١٩٩٣، ١٩)

3 - دامەزراندنی ستۆدیۆی ئەکتەر لەمانهاتنی نیویۆرک لە ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن (چارڵی کراوفۆرد) و (ئیلیا کازان) و (ڕۆبەرت لویس) ڕوداوێکی گرنگ بو لەمێژوی شانۆ و فیلم لەئەمریکادا، شۆرشێکی ڕاستەقینەیە دژی ئەو پرەنسیپ و بناغەیەی کە سینەمای ئەمریکی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەسەری بنیادنراوەو کۆی بەرهەمە هونەرییەکان پەیرەوی دەکەن. (کۆمەڵێک نوسەر،٢٠٢٠، ١١)، بیرۆکەی بنەڕەتی بۆ سەرهەڵدان و کارکردنی ستۆدیۆی ئەکتەر، دروستکردنی نەوەیەکی نوێی ئەکتەر بو کە توانایەکی باش و جیاوازیان هەبێت لەنمایشی دراماتیکی و بەرجەستەکردنی سروشتیدا.

4 - ساڵی١٩٥١ ستۆدیۆی ئەکتەر بەسەرپەرشتی (لی ستراسبێرگ) چوە قۆناغێکی ترەوە، ئەم ڕاهێنەرە بۆماوەی سی ساڵ سەرقاڵی ئەزمون و ڕاهێنان و دۆزینەوەی نوێ بو لەهونەری نواندندا تا ساڵی١٩٨٢ کۆچی دوایی کرد، ژمارەیەکی باش لەئەکتەرە دیارەکانی نێو دونیای سینەما لەسەردەستی ئەو مامۆستا کاریگەرەی نواندن و لەستۆدیۆی ئەکتەران پێگەیشتون، لەوانە: داستن هۆفمان، ڕۆبێرت دی نیرۆ، ئەلپاچینۆ، لەخانمە ئەکتەرەکانیش میریاڵ ستریپ، شارۆن ستۆن، نیکۆڵ کیدمان.

## ٢ – ٣: نواندن بەزمانی سینەما

ناکرێت ڕۆڵی ڕەگەزەکانی زمانی سینەما لە چالاککردنی ئەکتەردا لەیاد بکەین، ئەکتەری سینەمایی بەگشتی ملکەچی کاریگەریی توخمەکانی زمانی سینەمایی دەبێت، کە لە بەرامبەردا ئەدای ئەکتەر قوڵتر و دەوڵەمەندتر دەکات ئەگەر بەشێوەیەکی داهێنەرانەو هۆشیارانە بەکاری بهێنین، ئەم قسەیە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، بەدڵنیایی’’هەستێکی قوڵ بەئەکتەر دەبەخشێت هاوکات کامێرا هەستوسۆزێک دەدات کەڕەنگە لەخودی ئەکتەرەوە سەرچاوەی نەگرتبێت" (سالم، ١٩٨٣، ٣٩)، ئەمەش بەواتای ئەوەی وێنەگرتن بەشدار دەبێت لەپاڵپشتیکردنی ئەکتەر لەنواندندا لەڕێگەی قەبارەی وێنەگرتن و گۆشەی کامێراو جوڵەوە، وەک چۆن توخمەکانی تری زمانی سینەما دەتوانن هەمان ڕۆڵ ببینن وەک مۆنتاج، ڕوناکی، ماکیاژ، سێت دیزاین و ئەوانیتر، کەواتە نواندنی ئەکتەر بەشێکە لەسیستەمی دەربڕین و گوزارشت لەسینەمادا، بەشێکی دیکەی دەربڕینیش لەسەر توخمەکانی زمانی سینەما وەستاوە، کە تەواوکەرو پاڵپشتی دەربڕینی ئەکتەرن، بۆیە پێویستە دەرهێنەری سینەماو ئەکتەر شارەزاو ئاگاداری تایبەتمەندیی توخمەکانی زمانی سینەمایی بن تا دەرهێنەر بتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ خزمەتکردنی ئەکتەر وەک بەشێکی دانەبڕاو لەسیستمی دەربڕین لەسینەمادا، هاوکات ئەکتەری سەرکەوتو پێویستە بەهۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ تەواوی ئەو ڕەگەزانەدا بکات و بزانێت چۆن هەریەکەیان لەڕاژەی گەیاندن و توانستی دەربڕینی خۆی بەکاردەهێنرێت و بەتەنها وەک ڕەگەزێکی تەواوکەری کاری بەرهەمێنانی فیلم لێیان نەڕوانێت.

ئەگەر کەمێک لەکاریگەرییەکانی هەندێک لەڕەگەزەکان بۆسەر توانای دەربڕینی ئەکتەر وردتر ببینەوە، لەوانە وێنەگرتن یان کامێرا، سنوری بینین لەنێوان ژیانی ڕاستەقینەو ئەوەی لەوێنەیەکی سینەماییدا دەیبینین جیاوازە، لەژیاندا درێژکراوەیەکی واڵای بینین هەیە واتە ئاسۆی ڕوانین فراوانترە، لەکاتێکدا لەسینەمادا وێنەیەکی کورتکراوەو سنوردارمان لە خودی واقیع هەیە، چونکە "سنورەکانی وێنە دەستبەجێ هەستیان پێدەکرێت، فەزای وێناکراویش تاڕادەیەکی دیاریکراو دەبینرێت، دواتر ئەو سنورە دێت کە ئەوەی لەبەردەمیدا هەیە دەیبڕێت، هەڵەیە ناڕەزایی لەم سنوردارکردنە دەربڕین و وەک کەموکوڕییەک تەماشای بکەین، بەپێچەوانەوە، ئەمجۆرە سنوردارکردنەیە کەمافی ئەوە بە فیلم

دەبەخشێت پێیبڵێن هونەر" (ارنهایم، ١٩٧٤، ٢٢)، ئەم جیاوازییە لەنێوان وێنەیەکی چوارچێوەدارو ژیانی ڕاستەقینەی بێ چوارچێوەدا نوێنەرایەتی تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگی هونەری سینەما دەکات، قەبارەی وێنەکە پەیوەستە بەدوریی کامێرا لەبابەت یان فیگەری وێنەگیراو و جۆری لێنز (هاوێنە)ی بەکارهێنراو بۆ گەیاندنی وێنەکە، ئەمەش ڕێگە بەگوزارشتی بێ سنور دەدات و توانستی بەرهەمهێنانی دەربڕینی زیاتر فراوان دەکات.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە شێوازی نواندنی ئەکتەر بەگشتی بەپێی قەبارە جیاوازەکانی وێنەکان دەگۆڕێت، هەر قەبارەیەک پێویستی بە نمایشێکی دیاریکراو هەیە لەگەڵ قەبارەی وێنەکەدا بگونجێت، نواندن پەیوەستە بەدابەشکردنی گشتی وێنەکە بۆ قەبارەی گرتەکان بۆ نمونە (گشتی، مامناوەند، نزیک) بەدوایەکداهاتنی گۆڕانکاری لەقەبارەی وێنەکە ڕەنگە کاریگەریی دڵخوازی دەربڕین بپارێزێت، بەڵام قەبارەی وێنەی جیاواز دەربڕینەکە دەگۆڕێت و تەنانەت کاریگەریی جیاوازیش دەدات، ئەگەر ئەدای ئەکتەر لەرۆڵەکەدا لە هەردو حاڵەتەکەدا وەک یەک بێت، ئەوا دەربڕینەکە لەم حاڵەتەدا وێنەییە" (سالم،١٩٨٣، ٧٠)، هەڵبەتە ئەو ڕاستیە ڕونە کەهەر قەبارەیەکی وێنەگرتن ئەرکێکی دراماتیکی هەیە کەجیاوازە لەقەبارەکەی تر بۆیە ئەکتەر پێویستە بەوریاییەکی زۆرەوە لەقەبارەکە بڕوانێت و بەر لەدەستپێکی وێنەگرتن تەواو لەگۆڕانکاریی گرتەکان دڵنیابێتەوە تابزانێت لەکوێدا پێویستی بە چ گوزارشتێک هەیە، بۆنمونە گرتەی گشتی(Long shot): بەسەرنجدان لەوەی کەوێنەی گشتی ژمارەیەک کاراکتەرو ڕوبەرێکی فراوانی شوێنەکەمان پیشاندەدات، ئەکتەر دەبێت نمایشەکەی ڕون و دیار بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەم دوریەوە سەرنجی بینەر بۆ هەستوسۆزو جوڵە جەستییەکانی ڕابکێشێت، لەناو ئەوانەدا وێنەی تەواوە، کەتاڕادەیەک هەمو جەستەی مرۆڤ دەگرێتەوە، لەم نزیکییەدا ئەکتەر دەتوانێت لانیکەم سیما دیارەکانی دەموچاوی پیشان بدات، هەربۆیە وەک زانراوە (چارلی چاپلن) "وێنەی تەواوی لەلا باشتر بو، چونکە گونجاوترین بو بۆ هونەری بێدەنگ، لەبەرئەوەی هێندە نزیک بو کە لانیکەم سیما دیارەکانی دەموچاوی پیشان بدات" (جاننیتی، ١٩٨١،٢٦)، وێنە گشتیەکان یان دورەکان بینەر دەخەنە دۆخێکەوە کەلەڕوی سۆزدارییەوە بێلایەن بێت لەگەڵ کاراکتەرەکان بەهۆی ماوەی دوری لێیانەوە، بە پێچەوانەوە وێنە نزیکەکان کە بەرەو دۆخێکی تری دەبەن و وای لێدەکەن هەست بە پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ کاراکتەرەکەدا بکات، بەزیاتر نزیکبونەوە لەکاراکتەرەکە هەستوسۆزەکانی تێکەڵاو بەهەستوسۆزی بینەر دەبێت، بۆیە لەزۆرکاتدا بینەر وادەزانێت خۆی بەشێکە لەچیرۆکەکە.

لەنواندنی کۆمیدیدا گرتەی گشتی لەهەمو جۆرەکانیتر زیاتر بەکاردێت، ئەم نەریتە لەچاپلنەوە ماوەتەوە، لەبەرئەوەی گرتەی گشتی وامان لێدەکات بابەتی بین و لەڕوی سۆزدارییەوە دابڕاو بین و زیاتر بەدۆخەکان پێبکەنین، بەڵام کاتێک لەوێنەیەکی نزیکدا ئەو دۆخە دەبینین، ناچارمان دەکات زیاتر پەیوەندیمان بە هەستی کاراکتەرەکەوە هەبێت و ناتوانین لایەنە سۆزدارییەکە پشتگوێ بخەین یان لەبیری بکەین، دیمەنێک لەدورەوە وەک کۆمیدیا دەردەکەوێت، بەڵام دەشێت هەستوسۆز بوروژێنێت گەر لەنزیکەوە وێنە بگیرێت، هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی چاپلن (Long shot) گرتەی گشتی بۆ کۆمیدیا بەکاربهێنێت، یەکێک لە وتە بەناوبانگەکان لەم بارەیەوە ئەوەیە کەدەڵێت ʼʼ لۆنگ شۆت بۆ کۆمیدیایەو کلۆس ئەپ بۆ تراجیدیا" (جاننیتی،١٩٨١، ٢٦).

### ٢ – ٤: نواندن لەئەماتۆرەوە بۆ پیشەگەر

گەرچی کاری ئەکتەری پیشەیەکی زۆر دێرینەو بەتەواوی ناسراوەو تەمەنی چەند هەزار ساڵێکە، بەڵام لێکدانەوەو پێگەی ئەکتەر لەکۆمەڵگەدا هەمیشە دژوار بوە. ئەو، نە لەو پێناسەدا جێی دەبێتەوە کە سەبارەت بەچینی ناوەندن و نە لەگروپی ڕۆشنبیرەکان، چونکە نەئارەزوە بازرگانیەکانی گروپی یەکەمی تێدایە و نەئارەزوەکانی گروپی دوەمی تێدایە بۆ

توێژینەوە. بەجۆرێک لەجۆرەکان دەتوانرێت بگوترێت ئەکتەر پەیوەندی بەگروپێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو هونەرمەندێکە وەک هونەرمەندەکانی تر، "هونەرمەندێکە بە شێوەیەکی تایبەت لەجەستەو ڕۆح و دەنگی وەک کەرەستەی کارەکەی سود وەردەگرێت" (ئادلەر،٢٠٠٨، ١١)، لەم ڕووەوە پێگەی ئەکتەر لەنێو پیشەکەیدا بەتەواوەتی ئاشکراو دیارە، چونکە بەرپرسیارێتی سەختی دەربڕینی ناوەڕۆکی سینارۆکەی لەئەستۆدایە، ئەوگیان بە بیروبۆچونەکانی نوسەری سینایۆکە دەبەخشێت و ڕۆڵی چەند کەسایەتییەک بەرجەستە دەکات.

ئەکتەری پیشەیەکە پێویستی بەهۆشیاریی تیۆری و پراکتیکیی فراوان هەیە، بۆیە پشودرێژی وسوربون و کۆڵنەدانی دەوێت، بۆ ئەو کەسانەیە کەهەنگاو بەهەنگاو کاردەکەن و بەرەوپێشەوە دەچن، بۆیە ئاساییە کەئەکتەری تازە لەسەرەتاوە بەخراپی دەست بەکارەکەی بکات، ئەکتەری گەنجیش پێویستە بەتەواوی شارەزای خۆی بێت و شیانی ئەوەی هەبێت کە تواناکانی خۆی و ناتەواوییەکانی بەخێرایی لەیەکتر جیابکاتەوە، ئەمەش لەڕێگەی بەردەوامی کارکردنی ڕۆژانەیەوە دەتوانێت باشتر و خێراتر فێرببێت و مکوڕبێت لەسەرئەوەی سەرکەوتوانە گشت بەربەستەکان تێپەڕێنێت و وەک هونەرمەندێک گەشەبکات، ئەوە زۆر گرنگە کەبڵێت "من خودی خۆمم و پێوەری تایبەتیی خۆمم هەیە". (ئادلەر، ٢٠٠٨، ١٩)

ئاشکرایە هەڵبژاردنی ئەکتەری ئەماتۆر بۆ ڕۆڵبینین لە فیلمی سینەماییدا شتێکی نوێ نییە، لە مێژوی سینەمادا ژمارەیەکی زۆر لەدەرهێنەرەکان ئەم کارەیان کردوە ئەتوانین سەرەتاکەی بگێڕینەوە بۆ سینەمای ئیتاڵی کە لەدوای جەنگ کەڵکیان لەکەسانێک وەرگرت کەپیشەیی نەبون بۆ خوڵقاندنی ئەو ڕۆڵانەی کە لەژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەکاریان دەهێنا، ئەمەش لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوتی نیوریالیزمی ئەو سەردەمە بو. (ئەزنشتاین) بە بونیادنەری ئەم میتودە ناودەبرێت، (فوئاد،٢٠١٠، ٦٧) ئەم میتۆدە تا ئەمڕۆش لەلایەن فیلمسازەکانەوە کە فیلم بەرهەم دەهێنن سودی لێوەردەگیرێت. مەبەست لەم کارەش ئەوە بو کەکەسێک لەهیچ قوتابخانەیەکدا ڕاهێنانی نەدیوە، ڕەفتارەکانی ژیانی ڕاستەقینەی ئەنجامدەدات و ئەمەش بۆ بەرجەستەکردن لەڕۆڵێکی سینەمایی زیاتر قایلکەرەو دەبێتە نواندنێکی سروشتی. (PUDOVKIN,1958, p 336)

ئەم ئەکتەرە ئاساییانە یان ئەماتۆر یان غەیرە ئەکتەرانە، لای ئەمان نواندن وەک گەمەیەکی منداڵی وایە بۆ ڕۆڵبینین، "چونکە منداڵ لەمیانەی ئیرتجالەوە ئارەزوی دەگۆڕێت بۆ کاراکتەرێکی تر" (ئۆبراین، ٢٠٠٩، ٢٥)، سەرەتا کەسایەتی خۆیەتی کەنواندن دەکات پاشان دوای ڕۆڵبینین لەچەند فیلمێک فێردەبێت کەنواندن بکات و ڕۆڵی کەسایەتیی تر ببینێت، لە ئەکتەری ڕەفتاری کەسی خۆیەوە بۆ ناو ڕەفتاری پیاوی ڕۆڵگێر بەمەش برەو بەکارەکەی دەدات. پاشان بەرەبەرە شانبەشانی ئەکتەری پیشەگەر نواندن دەکات و ئەکەوێتە ململانێ لەگەڵ توخمەکانی سینەما، کەئەوانیش کامێراو مایکۆرفۆن ... هتد، کە لەسەرەتادا ڕەنگە کێشەی زۆری بۆ دروست بکات، چونکە لەوانەیە پێشتر بەرکەوتەی لەگەڵ ئەم کەرەستانەدا نەبوبێت. لێرەدا دەکرێت باس لەو هەنگاوانە بکەین کەئەکتەرێکی ئەماتۆر پەیڕەوییان بکات بۆئەوەی بەرەو پیشەگەربون بڕوات، کەناودەبرێن بەڕاهێنان و پرۆڤەکردن و خۆئامادەکردن بۆ نواندن لەفیلمی سینەماییدا، گواستنەوە لەنواندنی ئەماتۆرەوە بۆ نواندنی پیشەیی گەشتێکی دورودرێژە کە پێویستی بەتێکەڵەیەک لەپەرەپێدانی لێهاتویی، زانیاری کۆکردنەوەو گۆڕینی بیرکردنەوە هەیە. گەشتی ئەم ڕێگەیە ژمارەیەکی زۆر لەئەکتەرەکان پەیڕەوی دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییە لەوانە:

1 - ڕاهێنان و خۆپەروەردەکردن: کەسایەتی هونەری بەپلەی یەکەم لەڕێگەی پەروەردەی پیشەییەوە دروست دەبێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئامادەکارییە فیکری و ئەدەبی و ئەخلاقییەکەی. زۆرجار ئەستەمە فێرخوازەکان

لەقوتابخانەکانی نواندندا بەشێوەیەکی دروست لەگرنگیی مادەی تیۆری تێبگەن، ئەمەش کاری مامۆستای نواندنە کە کار لەسەر گرنگیی زانیاری تیۆری بکات بۆ ئەکتەر بەکردەوە، واتە بە شێوەیەکی کردەییانە. (زاخافا، ١٩٩٨، ٧٣)

2 - دۆزینەوەی وزەی داهێنەرانە لە ئەکتەردا

3 - سەرەتا ڕاهێنان پاشان پڕۆڤە: "ئەکتەر پێویستی بە دو تا سێ ساڵ ڕاهێنان هەیە بۆ فێربونی بنەما پێویستەکانی هونەری نواندن".(کۆمەڵێک نوسەر،٢٠٢٠، ٥٨)

4 - ئەکتەر لە ماڵەوە خۆی بۆ ڕۆڵەکەی ئامادە بکات: ستانسلافسکی لەئامادەکردنی ڕۆڵدا گرنگییەکی زۆری بە کاری ماڵەوە داوە، چونکە هۆکارێک دەبێت کەئەکتەر زۆر بەئازادانەو بەبێ سانسۆر پڕۆڤە بکات چونکە ڕزگار دەبێت لە کۆتوبەندی ڕاهێنەر کەئاراستەی کردوە، لەم ئازادییەدا ڕەنگە هەندێکجار خەیاڵ بەشێوەیەکی فراوانتر کاربکات ببێتە پاڵنەر بۆ نواندن بەشێوازێکی باشتر. (زاخافا، ١٩٩٨، ٢٦١)

5 - مەشقکردن لەڕێگەی دوبارەکردنەوەوە: وەک دەردەکەوێت کە ڕیتم لەنواندندا توانای ئەکتەر پیشان دەدات و دوبارە کردنەوەیش پەرەپێدانە بەو توانایە. بایەخی مەشکردن لێرەدایە. مەشقکردن بەمانای دوبارەو چەندبارەکردنەوەی هەمان شتە، زۆریش گرنگە بەوە بزانین، کە دوبارە کردنەوە بەڕاستی پەرەپێدانە بەتوانا. (چێخەف، ٢٠١٥، ١٢٧)

6 - کارکردن لەسەر هەستوسۆز: سانفۆرد مایسنەر دەڵێت: "ناتوانیت هەستوسۆز ساختە بکەیت. کامێرا جیاوازیەکەی دەزانێت. من باوەڕم بەپڕۆڤەکردنی هەستی دیمەنێک نییە: دەبێت بەپڕۆڤەی میکانیکی بۆ دیمەنێک. هەستە ڕاستەقینەکە کاتێک ڕودەدات کەکامێرا ئیشدەکات" (2002, p15 Comey,)

7 - هەستکردن بە ئاسودەیی: وەک گوتراوە؛ "تەکنیکەکانی ئەکتەر هێندە زۆرو نایابن، تەنانەت کاتێک ڕۆڵێکی تراجیدی دەبینێت، دەتوانێت ڕوی خۆی وەربگێرێت و قسەیەکی خۆش و سەیر بکات. (چێخەف،٢٠١٥، ١٠٩)

8 - بەبیرکردنەوەیەکی پیشەییانە بەردەوامبە: بەرگەگرتن و خۆڕاگری لەجیهانی نواندندا کارێکی هەرگیز ئاسان نەبوەو نییە و ناشبێت. زۆرجار سەرکەوتن پێویستی بە قوربانیدان هەیە لەڕوی کات و وزەوە، بەڵام پاراستنی هەندێک هاوسەنگی تایبەتیانەی کەسەکە یارمەتیدەرە بۆ ڕێگریکردن لە سوتانی وزەی جەستە. (Comey, 2002, p38)

### لێکۆڵینەوەکانی پێشتر

توێژەران لەبەدواچونەکانیاندا سێ توێژینەوەی نزیک لەم توێژینەوەیەیان دەستنیشانکرد، کەهەریەکەیان لەلایەنێکی کێشە، یان ئامانج، یان ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە، لێی نزیکدەبنەوە:

**یەکەم: توێژینەوەی: (آريان مجيد محمد سعيد)، بەناونیشانی:**

**ڕەنگڤەدانا ژیواریا ئیتالی ل سەر ئەدایا ئەکتەری دفلمێ کوردیدا**

ئەم توێژینەوەیە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی واقعی ئیتاڵی لەسەر ئەداو بەرجەستەکردنی ئەکتەری لەفیلمی کوردیدا دەرخستوە. توێژەر ڕێگە خۆش دەکات بۆ زیاتر ناساندنی واقعی بون لەفیلمی کوردی و لێکۆڵینەوە لەو بابەتە هونەرییانەی کە لەواقیع و کلتورو ژیانی کۆمەڵگەی کوردییەوە نزیکن و هاوشێوەن تا سودیان لێوەربگرین. ئامانجی توێژینەوەکەش بریتی بوە لە (دیاریکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەکتەرو واقیعەت لەفیلمی کوردیدا، ئاشنا بون بەکارو ڕۆڵ و دەربڕین و تەکنیکی بەکارهێنراو لەفیلمی واقیعیی کوردیدا، دۆزینەوەی جۆری ئەو پەیوەندیانەی کەئەکتەرەکان بەرجەستەیان دەکەن لەجۆری نواندنەکەیاندا بەرێگای چارەسەری لەدەرهێنان‌دا لەبەرەوپێشچونی فیلم هەرلە بیرۆکەوە تا بەرهەمهێنانی هونەری سینەمایی لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە.)

توێژینەوەکە بەو ئەنجامەش گەیشتوە کە: نمونەی توێژینەوەکە لەچوارچێوەی سیفاتی واقیعی بنیاد نراون و ناوەڕۆکەکەی باس لەبابەتەکانی کۆمەڵایەتی و خودی کۆمەڵگەی کوردییە، فیلمی کوردی ئاماژە بەخودی ژیانی ڕۆژانە لەلایەنی واقیعی دەکات لەڕوی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، لەوانە ڕزگارکردن و سەرکەوتن لەشەڕدا، هەروەها هەمەجۆریی کاراکتەر لەفیلمی کوردیدا، بەنمونە پیشەگەرو تازە دەستپێکردو کەئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بەرجەستەکردنی واقیعی، فیلمی کوردی واقیع دەگوازێتەوە بەوێنەیەکی هونەری.

دوەم: توێژینەوەی (Kuzioła – Emilia Zimnica)، بەناونیشانی:

The Process of Becoming a Professional Actor

پرۆسەی بون بەئەکتەرێکی پرۆفێشناڵ (پیشەگەر)

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەپرۆسەی بون بەئەکتەری پیشەیی؛ توێژەر لێکۆڵینەوە دەکات لەپاڵنەرەکانی ئەوگەنجانەی کە بڕیاردەدەن لەبواری نواندندا بخوێنن. بەتایبەتی گرنگی بەکاریگەرییەکانی دەدات لەسەر کەسانی دیکەی بەرچاویان لەقۆناغە جیاوازەکانی ڕێڕەوی پیشەییدا. هەروەها هەوڵێکە بۆ سەیرکردنی چەشنە کلاسیکییەکانی پەیوەست بەپەروەردەکردنی ئەکتەر لەقوتابخانەکانی شانۆی گشتینە.

دیارترین ئامانجەکانی توێژینەوەکەش: هەوڵدانە بۆ گەڕان بەدوای پاڵنەرەکانی هەڵبژاردنی ئەم پیشەیەدا، هەوڵێک بۆ لێکۆڵینەوە لەڕۆڵی کەسانی دیکەی بەرچاو لەچەسپاندنی خۆناسنامەی پیشەیی ئەکتەرانی پیشەگەرو تێڕوانین لەچەشنە کلاسیکییە باوەکان و بۆچونەکان لەسەر بابەتی تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن لەقوتابخانەکانی دراما، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی بیرۆکەکان و سادەکردنەوەی حوکمەکان سەبارەت بەنواندن، کەهەمیشە لەگەڵ ڕاستییەکان هاوڕا نین. لەوەرگرتن و خوێندنی پیشەیی.

توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتوە کەبڕیاری هەڵبژاردنی پیشەی ئەکتەری لەژێر کاریگەریی چەندین هۆکاردا بوە، وەک: ئارەزوی ڕاستەقینەی پیشەی نواندن، دورکەوتنەوە لەخزمەتی سەربازی، ڕوبەڕوبونەوەی هەستی خۆنەناسین یان خۆقبونەڵکردن، برەودان بەحەزی خۆڕسکانە (زگماکی – بەهرەمەندی) بۆ نواندن، خولیای چونە ناو خوێندنی قوتابخانەو پەیمانگەکانی نواندن و تەواو کردنیان و بون بەئەکتەر، خەونی پەیداکردنی ناوبانگ و پارەی زۆر)

سێیەم: توێژینەوەی (Charlotte Gleghorn)، بەناونیشانی:

A star is born: The rising profile of the non-professional actor in recent Brazilian cinema

**ئەستێرەیەک لەدایک دەبێت: بەرزبونەوەی ئاستی ئەکتەری ناپیشەگەر لەسینەمای ئەم دواییانەی بەڕازیلدا**

ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بەئەکتەری ناپیشەیی(ئەماتۆر)ە لە وڵاتی بەڕازیل، وەک بەشێک لەو کۆنتێستەی کەسینەمای نوێی ئەمریکای لاتین لەشەستەکان وحەفتاکانی سەدەی ڕابردودا، بە تایبەتی سینەما نۆڤۆی بەڕازیلی، پابەند بو بەبنەما ناوەندییەکانی نیوریالیزمی ئیتاڵی وەک هەوڵێک بۆ گەیاندنی نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە.

ئەو فیلمانەی کە بەمەبەست کردونی بەنمونەی توێژینەوەکەی منداڵان و هەرزەکارانی ناپیشەیی لەگەڵ ئەکتەرە پیشەگەرە پێگەیشتوکاندا ڕۆڵیان تێدا دەبینن و سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کەگەنجەکان وەک (ئەستێرە)یەک لەو فیلمانەدا دەردەکەون.

لەم توێژینەوەیەدا باس لەوە دەکرێت کەئەکتەری ناپیشەیی(ئەماتۆر) چۆن دەتوانێت وەک ئەستێرەیەک بەشێوازی هەمەچەشن و پێشبینینەکراو دروست بکرێت، لەگرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکەش لێکۆڵینەوە بوە لەوەی کە چۆن

غەیرە ئەکتەر وەک ئەستێرەیەک لەخۆیدا هەڵگری گوتارێکی تایبەتە، هەروەها دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ منداڵە جێهێڵدراوەکان و بێکەسەکان و هاندانی کۆمەڵگە و دەوڵەت بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتیان لەئەستۆ بگرن.

توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکیش گەیشتوە لەگرنگترینیان: (ئەکتەرە ناپیشەییەکان لەم بابەتەدا کە باس دەکرێن لەزۆر ڕووەوە سیاسەت بەرجەستە دەکەن، ئەوانە، کەخەونیان بەئەستێرەبونەوە دەبینی، لەنێو کەسانی چینی هەژارو ئاساییەوە هاتون، بەشداریکردنی ئەکتەرە ناپیشەییەکان مەرج نییە مژدەی باشتربونی بارودۆخیان بۆ بدات لەژیانی ڕاستەقینەدا، کاریگەریی لەسەر تێڕوانینی خەڵک بۆ کاراکتەری ڕاستەقینەی ئەماتۆر و ئەو ڕۆڵانەی کە بەرجەستەی دەکەن، ڕێگەیان پێبدرێت لەفیلمەکانی تردا ڕۆڵ بگێڕن).

گرنگترین خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم توێژینەوەیەو ئەو سێ توێژینەوەیەش بریتین لەوەی: هەمویان لەچوارچێوەی نواندن لەفیلمی سینەماییدا دەسوڕێنەوە بۆیە لەگەڵ یەکەمیاندا هاوبەشە لە کارکردن لەسەر ئەدائی ئەکتەر لەفیلمی سینەمایی کوردیدا، لەگەڵ دوەمیشیاندا هاوبەشە لەکارکردن لەسەر نواندنی (ئەکتەری پیشەگەر) بەگشتی، بەڵام زیاتر لەشانۆو دراmadا، لەگەڵ سێیەمیشیان هاوبەشە لەکارکردن لەسەر نواندنی ئەکتەری ئەماتۆر لەفیلمی سینەماییدا. بەڵام هیچ کام لەو سێ توێژینەوەیە، وەک ئەم توێژینەوەیەی ئێستا، پەیوەندیی نێوان ئەکتەری پیشەگەرو ئەماتۆریان لە فیلمی سینەماییدا لەسەر بنەمای کۆنتێستی (گەمەی نواندن) تەماشانەکردوەو نەخوێندۆتەوە.

**ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:**

1 - هەر لەسەرەتای ڕسکینی سینەماوە وەک هونەرێکی سەربەخۆو دامەزراو، نواندن بەشێکی گرنگ و سەرەکی بوە لە کایەی فیلمسازیدا.

2 - یەکەمین ئەکتەرەکانی سینەما ئەماتۆر بون، کەسانی ئاسایی و کرێکارو کارمەندانی کارگە بون.

3 - هاتنەناوەوەی دەنگ بۆ سینەما، هۆکارێک بو کە نواندنی شانۆیی پەلکێشی ناو سینەما بکرێت.

4 - زۆر فاکتەری گرنگ و کاریگەر هەبون بۆ بەپیشەبونی نواندنی سینەمایی و پەیدابونی ئەکتەری پیشەگەرو پێهەڵگواستنی نواندنی سینەمایی لەئەماتۆرییەکی سەرەتاییەوە بۆ لاساییکردنەوەیەکی زیادەڕۆیانەی نواندنی شانۆیی و لەویشەوە بەرەو سروشتگەرایی و ئەمجاش گەڕانەوە بۆ نواندنی ئەماتۆری و دواتریش ڕیالیزمی بەتەرزە جیاجیاکانیەوە.

5 - سەرهەڵدانی نیوریالیزمی ئیتاڵی، هۆکارێکی سەرەکی بو بۆ هاتنەناوەوەی ئەکتەری ئەماتۆر بۆ ناو فیلمی سینەمایی بەشێوەیەکی مەبەستدارو لەسەربنەمای بیرکردنەوەیەکی جیاواز.

6 - بەبەکارهێنانی ئەکتەری ئەماتۆر لەسینەمادا دەرهێنەرەکان دەیانویست تا ئەو جێگەیەی دەکرێت لەژیانی ڕۆژانەی خەڵک نزیکببنەوە.

7 - هۆکاری بەکارهێنانی ئەکتەری ئەماتۆر لەفیلمی سینەمایی کوردیدا نزیکبونەوەی زیاتر بوە لە واقیع و نواندنی واقیعی و کەمی ژمارەی ئەکتەری پیشەگەرو وەرگرتنی زۆربەی چیرۆکەکان لەڕوداوی ڕاستەقینەی ژیانەوە، ئەمەش دەیباتەوە سەر ڕیالیزمی نوێ.

8 - کۆکردنەوەی ئەکتەری پیشەگەرو ئەکتەری ئەماتۆر لەفیلمی سینەمایی کوردیدا بوەتە مۆدێلێکی کارکردن.

**بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

**نمونەی توێژینەوەکە:** فیلمی سینەمایی (پەڕینەوە لەغوبار)، مەبەستدارانە هەڵبژێردراوە، بەڵام توێژەران ئەوەشیان لەبەرچاو گرتوە کەئەم فیلمە:

1 – لەگەڵ پرسی لێکۆڵینەوەکەو ئامانجەکەی گونجاوە
2 – ئەکتەری پیشەگەرو ئەماتۆر تێیدا ڕۆڵ دەگێڕن
3 – لەڕوی هونەرییەوە کوالێتیی زۆر بەرزە
4 – چەندین خەڵاتی لەفێستیڤاڵە جیهانی و ناوخۆییەکاندا بەدەستهێناوە

**ئامرازی توێژینەوەکە:** ئەم ئامرازانە بەکارهاتون:

1 – بینینەوەی چەندجارەی ڤیدیۆی فیلمەکە
2 – تێبینی و ئەزمونی توێژەران
3 – ئاماژەکانی چیوەی تیۆری

**ڕێچکەی توێژینەوەکە:** ڕێچکەی وەسفیی شیکاری پەیڕەوکراوە، چونکە گونجاوترینە بۆ سەلماندنی گۆشەنیگای توێژەران لەپرسی توێژینەوەکەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی

**شیکاری نمونەی توێژینەوەکە:**

فیلمی سینەمایی (پەڕینەوە لەغوبار - ٢٠٠٦)

سیناریۆو دەرهێنان: شەوکەت ئەمین کورکی بەڕێوەبەری وێنەگرتن: تورەج ئەسڵانی
بەڕێوەبەری بەرهەم: حەسەن عەلی مونتاژ: ابراهیم سعیدی
موزیك: محمد ڕزا دەنگهەڵگر: محمەد شاهوێردی
ژانر: دراما ماوەی فیلم: ٧٣ خولەک
بەرهەمهێنانی: بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر زمانی دیالۆگ: کوردی و عەرەبی
ئەکتەرەکان: حسین حسن، عادل عبدالرحمن، ئەحلام نجات، عەبە ڕەش، ئەیام ئەکرەم، ڕزگار سەعدی

**چیرۆکەکەی:**

فیلمەکە باس لەساتی ڕوخانی ڕژێمی بەعسی سەدام و پرۆسەی ئازادی لەعێراق دەکات، لەڕێگەی دو پێشمەرگەوە کە لەبەرەکانی شەڕدان ڕوداوەکانی فیلمەکە دەگێڕدرێتەوە، ئەم دو پێشمەرگەیە خواردن دەبەن بۆ پێشمەرگەکانی هاوڕێیان لەبەرەکانی شەڕ، لەڕێگا منداڵێکی بچوکی عەرەب بەناوی (سەدام) دەبینن کەوا دەردەکەوێت ون بوبێت و دورکەوتبێتەوە لەماڵەوەی، یەکێک لەپێشمەرگەکان بڕیاردەدات کەهاوکاریی منداڵە ونبوەکە بکات و لەگەڵ خۆیان دەیبەن بەمەبەستی ڕادەستکردنەوەی بەکەسوکاری، بەم هۆیەشەوە توشی چەندین ڕوداوی چاوەڕواننەکراو دەبن، لەگێڕانەوەی ڕوداوەکان بینەر بۆی دەردەکەوێت کە لەڕابردودا ئەم دو پێشمەرگەیەو خەڵکی چییان بەسەرهاتوە بەدەست ڕژێمی دیکتاتۆری سەدامەوە، یەکێکیان کەمئەندام بوەو هاوسەرو منداڵەکەی لەدەستداوە بە هۆی بۆردومانی گوندەکەیان، ئەویتریان برایەکی و هاوڕێکانی لەدەستداوە بەهۆی کارەساتی ئەنفالەوە کە بەسەر گەلی کوردا هاتوە؛ بەڵام هەمو ئەم ڕوداو کارەساتە نابنە هۆی ئەوەی کەئەم دو پێشمەرگەیە گیانی هاوکاریو یارمەتیدان لەدەستبدەن بەرامبەر بەمنداڵێکی بچوکی عەرەب، بگرە زۆر بەرپرسیارانەو بەویژدانێکی مرۆڤدۆستانە مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵە دەکەن تا بیگەیەننەوە دەستی کەسوکاری.

**پلۆتەکەی:**

لەکاتی ڕوخانی سەدام لەساڵی ٢٠٠٣ دو کورد بەناوەکانی (ئازادو ڕەشید) بەدوای دایکوباوکی کوڕێکی عەرەبدا دەگەڕێن بەناوی (سەدام). لەهەمانکاتدا دایکوباوکی کوڕەکە لەهەمو شوێنێک بەدوایدا دەگەڕێن، نیگەرانن چونکە ناوەکەی ئێستا تابۆیە. هەمو هەوڵەکانی ئەو دو کوردە بۆ ڕزگاربون لەمنداڵەکە شکست دەهێنن: نەئەمریکییەکان و نەپیاوانی ئایینیش

لەمزگەوتەکە ئەو منداڵەیان دەوێت. سەدامی بچوک وردەوردە دەبێتە کێشەیەکی ڕاستەقینە. ئازاد بەسەر ناکۆکییە نەتەوەییەکاندا زاڵدەبێت و هەوڵدەدات یارمەتی کوڕەکە بدات بۆ دۆزینەوەی دایکوباوکی، زۆر بەنارەزایی ڕەشیدەوە، کەخێزانەکەی بەدەستی سەربازە عێراقییەکان لەسەردەمی سەدامدا لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردودا لەناوچون. ئازاد لەکاتی هەوڵدان بۆ پاراستنی کوڕەکە بەدەستی فیداییەکانی سەدام دەکوژرێت، کەدەیانەوێت بیبەنەوە. ڕەشید دوژمنایەتییەکەی وەلا ناوەو بەردەوام دەبێت لەئەرکی یارمەتیدانی کوڕەکە بۆ دۆزینەوەی دایکوباوکی.

**گەمەی نواندن:**

بەرجەستەکردنی کاراکتەری پێشمەرگە لەفیلمی سینەمایی کوردیدا کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە لەلای کورد پێشمەرگە سیمبولی ورەبەرزی و تێکۆشان و بەرگری و پاراستنی خاک و نیشتیمانە، هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارێتیە لەنواندندا لەلایەن دو ئەکتەری بەتوانا؛ (حسین حسن) بەکاراکتەری (ئازاد)و (عادل عبدالرحمن) بەکاراکتەری (ڕەشید) پێویستی بەئەزمونی باش هەیە لەنواندن، ئەم دو ئەکتەرە نواندنێکی هونەریانە ئەنجامدەدەن، بەتایبەت (حسین) چونکە پێشینەیەکی زۆر باشی هەیە لەنواندنداو بەشداریی چەندین فیلم و کورتە فیلمی کردوەو ئەزمونی کاری دەرهێنانیشی هەیەو کەسێکی دیارە لەبوارەکەدا، کەدەتوانین وەک ئەکتەرێکی (پیشەگەر) ناوی ببەین. (ئازاد) لە فیلمەکەدا وەک کاراکتەرێکی نواندنی (فیزیکی/دەرەکی)و (ڕەشید) وەک کاراکتەرێکی نواندنی (ناوەکی/ دەرونی) دەردەکەون، ئازاد لەرێگەی زیاتر بەکارهێنانی جوڵەی جەستەی و بلوێرلێدان و فرەجوڵەیی نواندن دەکات، وەک گوزارشتێکی دڵخۆشی پێشمەرگەیەک بەڕوخانی ڕژێمی سەدام، بەڵام ڕەشید لەرێگەی گوزارشتی دڵتەنگی بەلەدەستدانی کەسوکاری و هەڵگرتنی خەمێکی قوڵ لەسیمایدا بەدیاردەکەوێت، هەروەک لەدیمەنی سەرەتای فیلمەکەدا دیارە، ئەوساتەی پێشمەرگەکان و خەڵکە ئاساییەکە لەشاشەی تەلەفیزۆنێکەوە وێنەی ڕوخاندنی پەیکەرێکی سەدام حسین دەبینن، ئازاد دەستدەکات بە هاوارکردن و هەڵپەرکێ و دڵخۆشی دەربڕین لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێیدا، بەڵام ڕەشید بەدەرکەوتنی زەردەخەنەیەک لەسیمای و پێکەنینێکی کەم و کەمێک چەپڵەلێدان و پاشان دورکەوتنەوەی لەهەڵپەرکێکەو ڕۆشتن بەرەو ئۆتۆمبێلەکەو داگیرساندنی جگەرەیەک ئەیەوێت ئەو خەمەی ناخیمان پیشانبدات، کەبەڕوخانی ڕژێمیش خەمی لەدەستدانی خێزانەکەی دانامرکێتەوە، لەبەدیارخستنی ئەم دو هەستە لەڕوی نواندنەوە لەلایەن هەردو ئەکتەرەوە سەرکەوتو بوە.

فیلمەکە لە شێوازی ڕیالیزمی نزیکبۆتەوە، بە پیشاندانی ڕوداوەکانی جەنگ و کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵگەو ئەو بارودۆخەی بەسەر خەڵکەکە هاتوە، بەپیشاندانی دیمەنەکان و شێوازی فلاش باک و گرتەی وەرگیراوی ئەرشیف چیرۆکەکە دەگێردرێتەوە.

خاڵێکی تری ئەم فیلمە لەشێوازی (ڕۆود موڤی - فیلمی رێگە)یە، تەواوی ڕوداو و چیرۆکەکانی فیلمەکە لەسەر ڕۆشتن بەرێگایەکدا دەگێردرێتەوە، کەزۆربەی فیلمە کوردییەکان پەیڕەویی دەکەن، واتە چارەنوسی کاراکتەرە سەرەکییەکان و لایەنی درامی بەستراوەتەوە بەم رێگەیەوە، چاوی بینەر جگە لەهێڵی سەرەکیی درامیی فیلمەکە بەردەوام لەسەر رێگاکەیشە، چونکە چارەنوسی کاراکتەرە سەرەکییەکان بەستراوەتەوە بەڕوداوەکانەوە کە لەسەر ئەو رێگەیە ڕودەدەن، هەر لەسەر ئەم رێگەیە کاراکتەری سەرەکی سێیەم کەمنداڵەکەیە دەردەکەوێت و دێتەناو چیرۆکەکەوەو (عەبەڕەش)ی منداڵ کەئەکتەرێکی ئەماتۆرە لە فیلمەکەدا بەرجەستەی دەکات و ڕۆڵێکی زۆر جوان دەگێڕێت، هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە لەدیمەنەکەدا وەک منداڵێکی ون بو کە لەسەر شەقامەکە وەستاوەو دەگری، کە ئەمە دەبێتە یەکەم بەریەککەوتنی هەرسێ کاراکتەری سەرەکی، ڕەنگە گریان لای منداڵ کارێکی ئاسان بێت، بەڵام گریانی کاراکتەری سەدام لەفیلمەکەدا کەسیمای تەنیایی و بەجێمان و ونبونە لەناو گەرمەی ڕوداوەکانی جەنگدا کەچاوەڕێی دەستێکی هاوکاری

دەکات پێیەوە دیارە، منداڵەکە بەبەرگێکی تارادەیەک چڵکن و پێیە خاوسەکانی ئەوەندەیتر تەنیاو بێ پەنا دەردەکەوێت. ئەم منداڵە خۆی کاراکتەری سەرەکیی نییە، بەڵکو ئەو کاراکتەرەیە کە ڕەوشی چیرۆک بەتەواوەتی دەگۆڕێت و بەرەو پێشەوەی دەبات و تەنانەت دەبێتە هۆکاری گۆڕانی خولق و ئاکاری کەسایەتی هەرە سەرەکی، کە لە تەمەندا مرۆڤێکی گەورەیە.

ئەکتەری منداڵ کەرەستەیەکی خاوی باشە بۆ نواندن چونکە پێشینەیەکی ئەوتۆی نییە لەبارەی نواندنەوە، ئەوەی کەدەرهێنەر یان دەرهێنەری نواندن داوای لێدەکات ڕاستەوخۆو بەبێ بیرکردنەوە ئەنجامی دەدات، چونکە منداڵ (نواندن وەک گەمەیەک) دەبینێت و بەردەوام ئامادەیە بۆ بەرجەستەکردن، تەنها ئاماژەیەک یان وەبیرهێنانەوەیەک بەسە بۆ نواندنی ڕۆڵەکەی وەک ئەوەی لەفیلمەکەدا ئاڕاستەکراوە بەوەی کە ونبوەو پێویستە بگری، وەک ئەوەی دەبینرێت گریانی منداڵەکە گریانێکی ئاسایی نییە کە بینەر گومان بکات، گریانێکە کە دەڵێت من ونبوم و پێویستم بەیارمەتییە بۆ دۆزینەوەی دایکوباوکم، بەدابەزین و چون بۆ لای منداڵەکە لەلایەن ئەکتەری سەرەکی دەبینین منداڵەکە کەمێک هێمن دەبێتەوەو گریانی کەم دەبێتەوە وەک بڵێیت کەسێک بەهانایەوە هاتبێت، منداڵەکە ئامادەیە خۆی ڕادەستی ئەو دو پێشمەرگەیە بکات بەبێ بیرکردنەوە، چونکە هەستدەکات کەدەیانەوێت هاوکاریی بکەن لەدۆزینەوەی کەسوکاریدا، ئەمە نمونەی نواندنێکی سروشتییە لە کاراکتەری سەدامی منداڵدا کە ئازاد ناوی لێدەنێت (ڕەشۆ).

بەریەککەوتنی ئەم سێ کاراکتەرە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لەفیلمەکەداو ڕەوتی چیرۆک بەرەو ئاقارێکی تر دەبات، ئەکتەری سەرەکی کەکاراکتەری پاڵەوانەکە (ئازاد) بەرجەستەدەکات، ئەکتەرێکی پیشەگەرە، لەگەڵ کاراکتەری بەرامبەر(Partner) کەمنداڵەکەیە ئەکتەرێکی ئەماتۆرە، لایەنێکی گرنگی فیلمەکەیە لەڕوی نواندنەوە، چونکە زیاتر لەچەندجارێک کردارو پەرچەکردار(Action and reaction) لە نێوان ئەم دو ئەکتەرەدا دەبینین، کە هەردو ئەکتەر بەباشی بەرجەستەی دەکەن. لەم نێوەندەدا کاراکتەری سێیەم (ڕەشید) کە دژەپاڵەوانە ئامادەی ئەم بەریەک کەوتنەیە.

ئازاد برایەکی بچوکی کە لەتەمەنی ئەم سەددامە بچوکەدا بوە لەسەردەستی ڕژێمەکەی ئەو سەددامی گەورەوەدا ئەنفالکراوەو ونبوە، ڕەشیدیش هاوسەرو منداڵەکەی مردون و قاچێکیشی لەدەستداوە بەهۆی بۆردومانکردنی گوندەکەیان لەلایەن هەمان ڕژێمەوە، ئازاد لەنەستیدا پاڵنەرێک هەیە بۆئەوەی یارمەتی سەدامی منداڵ بدات، تا وەک براکەی ئەم بێسەروشوێن نەبێت، لەنەستی ڕەشیدیشدا دژەپاڵنەرێک هەیە بۆئەوەی ڕقی لەسەدامی منداڵیش ببێتەوە، ئەویش ئەوەیە کەڕژێمی سەدام منداڵەکەی لێسەندوتەوە. ئەم دو وێنەیەی پێشمەرگە تەواو جیاوازن. پێشمەرگەیەک کەڕابردوی تاڵی وای لێدەکات هەستوسۆزی بجوڵێت و پێشمەرگەیەکیش کە ڕابردوی تاڵی وای لێدەکات ڕق وکینەی بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵ بێت. پێشمەرگەیەک کەتاوانی کەسانێک ناسەپێنێت بەسەر کەسانیتردا، پێشمەرگەیەکیش کەخراپەکاری ژمارەیەک فەرمانڕەوای نەتەوەیەک دەبەستێتەوە بەنزیکەیی هەمو کەسانی سەر بەو نەتەوەیە.

هەروەک لەسەرەتاوە دەبینرێت، کەفیلمەکە لەڕوداوێکی ڕاستەقینەوە وەرگیراوە، ئەمەش وادەکات قورس بێت بەتەواوی دیاریبکرێت چی لەڕاستیدا ڕویداوەو چیش بۆ فیلمەکە زیاد کراوە. هەرچۆنێک بێت دەرهێنەر تاوەکو ئێرە سەرکەوتو بوە لەپاراستنی میانڕەوی دەربارەی وێنەی پێشمەرگە.

خاڵی گرنگی نواندن لەم نێوەندەدا (کردارو پەرچەکردارە-Action and reaction) لەنێوان دو ئەکتەری ئەماتۆرو پیشەگەردا، کاتێک کە سەرنج دەدەینە تێڕوانینی سەدام بۆ ئازاد، خەندەو ڕوگەشییەک لەسیمایدا بەدیدەکەین کە ئازاد وەک پاڵەوانێک و ڕزگارکەرێک یان سەرچاوەی هیوایەک بێت بۆی، بەڵام بەپێچەوانەوە کاتێک لە ڕەشید دەڕوانێت، ئەوا ڕوخساری گرژدەبێت و کەمێک هەست بە ترس دەکات، بەبێ بەکارهێنانی هیچ دیالۆگێک بینەر بەباشی درک بەم

هەستە دەکات، ئەکرێت بوترێت کە ئەکتەری منداڵ لەنواندنی پەرچەکرداردا ڕۆڵەکەی بەباشی بەرجەستە کردووەو سەرکەوتو بوە تێیدا، بەهەمان شێوە ئەم حاڵەتەشە لەڕوخساری هەردو کاراکتەری ئازادو ڕەشیددا بەدیدەکرێت، کە ئازاد هەمیشە بەڕویەکی خۆش و بەنەرمی مامەڵە لەگەڵ سەدام دەکات، بەڵام ڕەشید بەردەوام بەتوڕەبون و ڕقەوە مامەڵە لەگەڵ هەردو کاراکتەردا دەکات، تەنانەت هەندێکجار ئامادەنییە سەیری ڕوخساری کاراکتەری منداڵەکەش بکات، وەک بڵێیت هیچ گرنگ نییە بۆی. بەدرێژایی فیلمەکە ئەم کردارو پەرچەکردارە دوبارە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی خاڵی ناکۆکی نێوان ئەم کاراکتەرانەیە، هەردو ئەکتەریش بەهەمانشێوە ئەم حاڵەتە باش بەرجەستە دەکەن.

خاڵێکیتر کەجێگەی سەرنجە، کەمیی دیالۆگی کاراکتەری (سەدام)ە لەفیلمەکەدا؛ دەرهێنەر ویستویەتی زۆرترینی ڕوداوەکان بەنواندن و وێنە بگێڕێتەوە، کەئەمە لەڕوی هونەرییەوە کارێکی سەرکەوتوە، بۆ هەر ئەکتەرێک بەپێی پێویست دیالۆگی بۆ نوسراوە، هیچ دیمەنێک نابینیت کاراکتەرێک دو خولەک بەسەریەکەوە قسەبکات، دیالۆگەکانیش تەنها لەکاتی پێویستدا هەن، (عەبەڕەش) لەم فیلمەدا دیالۆگی کەمی هەیە، ئەویش بەزمانی عەرەبی، ئەوەش بۆی بۆتە گرێیەک لەگەڵ (حسین حسەن) ئەکتەری سەرەکی کەزمانی عەرەبی نازانێت، بۆیە پەنا بۆ پێشمەرگەکەی دیکە دەبات تا قسەکانی ئەمی بۆ وەربگێڕێت، زۆرکات ئەو لێکتێنەگەیشتنە وایکردوە ڕوداوێکی دیکە لەفیلمەکەدا دروست ببێت، ئەگەر ڕۆڵی (سەدام) منداڵێکی عەرەب نەبوایە، ڕەنگە سیناریۆکە بەتەواوی بگۆڕابوایە.

کەمیی دیالۆگ، خزمەتێکی باشی بەنواندن کردوە، چونکە ئەکتەرەکان بۆ پیشاندانی هەستی خۆیان و گەیاندنی پەیامی فیلمەکە ئەوەی لەبەردەستیانە تەنها نواندنە بەروخسار و ئاماژەی جەستەیان، بەتایبەت ئەمە لەئەکتەری منداڵ (عەبەڕەش)ی ئەماتۆردا بەدیدەکرێت، لەم ڕوەشەوە ئەکتەرەکان حەقی خۆیان داوە بە ڕۆڵەکە.

بۆ نمونە: کاتێک کە سەدام ونبوە (دیمەنی ٥- خ ١١:٤٧) بە دیالۆگ ناڵێت کە ونبوم تەنها بەگریان ئەم هەستە دەردەبڕێت، یان کاتێک کەئازاد خواردن بۆ سەدام تێدەکات و دەیداتێ (خ١٩:٥٤)، سەدام بە ڕویەکی خۆش و زەردەخەنەیەک لەکاتی خواردنەکەدا سوپاسی ئازاد دەکات.

خاڵی گۆڕانی دژە پاڵەوان: گۆڕانێک لەبیرکردنەوەو کرداری کاراکتەری دژەپاڵەوان (ڕەشید) ڕودەدات، لەدوای کوژرانی ئازادی هاوڕێی، پاش ئەوەی تەرمی ئازادی لە پشتی ئۆتۆمبێلەکە داناوەو بەرەو بارەگای پێشمەرگەکان بەچاوی پڕ گریانەوە بەڕێکەوتوە، لەڕێگە جارێکیتر سەدامی منداڵ بەبەجێماوی و بەگریانەوە دەیبینێتەوە، (خ١:٠٧:٣٥) هەڵوێستی دەگۆڕێت و بڕیاردەدات کە ئەمجارە هاوکاریی بکات، بۆ ڕادەستکردنەوەی بەکەسوکاری، بۆیە لەگەڵ خۆی سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەکات و دەیبات، کردارێک کە چاوەڕواننەکراو بو. ئەوەی یەکلایی نابێتەوە ئەوەیە ئاخۆ پاڵنەری ڕەشید چییە بۆ یارمەتی دانی منداڵەکە؟ ئایا بەجێهێنانی خواستێکی هاوڕێکەیەتی یان بەزەیی هاتنەوەیە بەسەدامی منداڵدا؟ یاخود هەردوکیان؟

ئەوەی بینەر لەکۆتایی فیلمەکەوە پێی دەگوترێت ئەوەیە کەپێشمەرگە کەسێکە بەردەوام کاری چاکە دەکات، با بۆ ماوەیەکیش ڕقوکینەی لەلا دروستببێت، بەڵام لەکۆتاییدا ئامادەیە یارمەتی کەسانی بێ پشتوپەنا بدات.

گەڕانی دایکوباوکی منداڵەکە کەمتر سەرنجی خراوەتە سەر لەچاو هێڵە سەرەکییەکەدا، گەڕانەکە وەک هێڵێکی لاوەکی هاوشانی هێڵی سەرەکی دەڕوات، کە جارجار بەدیمەنی کورت کورت دەگەڕێتەوە سەری، پەرۆشی دایکوباوک پیشاندەدات لەونبونی منداڵەکەیان و لەهەوڵی گەڕان و پرسیارکردن بۆ دۆزینەوەی. نواندنی ئەم دو ئەکتەرە بەپێی پێویستی ڕۆڵەکەیان قایلکەرە، بەڵام دەکرا پەرۆشی زیاترو هەڵچونی کاراکتەر زیاتر بوایە بەتایبەت لەکاراکتەری دایکدا. باوک (ئەیام ئەکرەم) ئەکتەرێکی بەئەزمونەو بەشداریی چەندین فیلمی سینەمایی کردوە، نواندنێکی تاڕادەیک باش

ئەنجامدەدات، سود لەجەستەی خۆی باش وەردەگرێت بۆ ڕۆڵی کاراکتەرەکەی کەکەسێکی عەرەبەو دەستێکی لەکارکەوتوە، ئەمە لەنواندنەکەیدا بە دیدەکرێت، بەڵام کەمتر دەتوانین ڕوخساری ببینین، ئەو بەدەر لە کێشەی ونبونی کوڕەکەی لەگەڵ کێشەیەکی تر تێکئالاوە کە ناوی منداڵەکەیە، وەک لەدیمەنەکانی کۆتاییدا بەهاوسەرەکەی دەڵێت ئەگەر بیدۆزینەوە یەکسەر ناوی دەگۆڕم بە (عبدالله).

هەرچەندە ئەم فیلمە دەچێتە قاڵبی شەپۆلی نیوریالیزمی ئیتاڵییەوە، چونکە بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاساییە کەپاشخانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە، لە هەمانکاتیشدا هەوڵیداوە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەچوارچێوەی کلاسیکیشدا بمێنێتەوە، بەهێنانی سیناریۆیەکی کلاسیکی کەزۆربەی هاوکێشەکانی ئەم قوتابخانەیەی تێدا بەدیدەکرێت وەک بونی ئەکتەری پیشەگەرو پاڵەوان و دژەپاڵەوان، پاشان ڕوداوەکان وەک ڕوداوی یەکەم (ڕوخانی سەدام)، دوەم (دۆزینەوەی منداڵەکە) تا لەکۆتایی بەکوژرانی پاڵەوانی سەرەکی و گۆڕانی دژە پاڵەوان دەگاتە ئەنجام، هەموی دەچێتە ئەو خانەیەوە.

**بەکارهێنانی جەستە و جوڵەکانی هەردو ئەکتەری پیشەگەرو ئەماتۆر:**

کاتێک کە سەرنج دەدەینە جوڵەو بەکارهێنانی ئەندامانی جەستەی ئەکتەرەکان، بە تایبەت پیشەگەر بوێرییەکی زیاتر دەبینین لەجوڵەدا، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەکتەری پیشەگەر بە هۆی ئەو پێشینەیەی کە لە نواندندا هەیەتی دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ جوڵەو ئەندامانی جەستەیدا بکات بەپێی ساتەکانی یان دۆخەکانی نواندن، کەئەمە بێگومان لەپێشتر پرۆڤەی لەسەرکراوە، یان لێهاتویی و بەهرەیەکە کەدەزانێت بۆ حاڵەتی دیاریکراو چۆن جەستەی بەکاربهێنێت و چ جوڵەیەک بکات تاخزمەت بەڕۆڵەکەی بکات، هەندێکجار دەرهێنەرەکان ئەکتەرە پیشەگەرەکان سەرپشک دەکەن لەجوڵەو کاردانەوەکانیان بەومەرجەی کە جوڵەیان خزمەت بەڕۆڵەکەیان بکات، بۆ نمونە کاتێک کە لەدیمەنی سەرەتا پەیکەری سەدامی دیکتاتۆر دەڕوخێنن، (خولەکی٢:٥٩) ئازاد بەهەڵپەڕکێ و جوڵەی شاد دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام لەوکاتەدا بەبلوێرەکەی خۆی بەگوێی زورنا ژەندا دەفیکێنێت، کە ئەمە گوزارشتی زیاتر دڵخۆشییەتی، یان (خولەکی٢٥:١٠) کاتێک کە لەئەمبەروئەوبەری شەقامەکە خەڵک ئاهەنگ دەگێڕن، کاردانەوەی ئازاد دەبینین بۆ ئەو خەڵکە بەدەم ئۆتۆمبێل لێخورینەوە، یاخود ئەو ساتانەی کەلەگەڵ سەدامی منداڵ هەڵسوکەوتدەکات لەجوڵەو دەستگرتن و دەست بەسەردا هێنانیدا بینەر بەتەواوی هەست بەو بەرپرسیارێتی و خەمخۆرییەی ئازاد بەرامبەر بەمنداڵەکە دەکات. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەکتەرە ئەماتۆرەکان بەهۆی کەمی یان نەبونی پێشینەو شارەزایی لەنواندندا تەنها وەک جێبەجێکارێک دەردەکەون، بۆ نمونە (خولەکی١١:٤٦) دیمەنی ونبونی سەدام، هەرچەندە نواندنێکی سروشتی ئەنجامدەدات، بەڵام دەبینین جوڵەی ئەندامەکانی جەستەی سنوردارە، بۆنمونە دەکرا بۆجارێکیش بێت بەدەستەکانی فرمێسکەکانی بسڕیبایە، یان بەملاولادا هەنگاوی بنایە، یان لەچواردەوری خۆی بیروانیبایە، کە ئەمانە هەموی گوزارشت دەبون لەنیگەرانی و ترسان و گەڕان بەدوای دایکوباوکیدا، بەڵام لەبەرئەوەی کە پێیوتراوە لێرە بوەستەو بگری، ئەویش تەنها ئەوە جێبەجێدەکات، یان (خولەکی٢٤:٠٠:١) کاتێک ئەکتەرێک کەڕۆڵی پێشمەرگەیەک دەبینێت و قسەکانی دایکوباوکی سەدام بۆ سەرکردەیەکی پێشمەرگە وەردەگێڕێت بۆ کوردی، جۆرێک لە ناسروشتیبون و ڕەقی و لەقاڵبدان لەبەرجەستەکردنەکەیەوە دیارە، دەکرا شێوازی گوزارشتکردنەکەی زۆر ئاسایی تر بوایە.

خۆ زۆر جار کەئەکتەرێکی ئەماتۆر ئازادو سەرپشک دەکرێت لەڕۆڵ بینیندا، نواندنێکی زۆر ناوازەو سروشتی بەرجەستە دەکات، چونکە ئەوساتە دەچێتەوە ناو کاراکتەرە ڕاستەقینەکەی خۆی، کە ئەمە لەلای بینەر قایلکەرتر دەبێت، وەک لەدیمەنی بینینی پاسکیلێکی منداڵانە لەلایەن سەدامی منداڵەوە (خولەکی٥٨:١٣) کاتێک کەسواری پاسکیلەکە دەبێت،

دەبینین چۆن گوزارشت لەدڵخۆشیی خۆی دەکات و چۆن هاواردەکات و دەستەکانی بەئاسماندا دەجوڵێنێت، لێرەدا ئازادی جوڵەو بەکارهێنانی جەستە بەدیدەکرێت.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1 - هەبونی ئەکتەری پیشەگەرو ئەماتۆر، کاراکتەری پاڵەوان و دژەپاڵەوان، ڕوداوی یەکەم و ڕوداوی دوەم، کوژرانی پاڵەوانی سەرەکی و گۆڕانی دژە پاڵەوان، ئەو ئایتمە سەرەکیانەن کە زەمینەیەکی گونجاویان بۆ گەمەی نواندن لەنێوان ئەکتەرانی پیشەگەرو ئەکتەرانی ئەماتۆردا ڕەخساندوە.

2 - ئەکتەرانی ئەماتۆر لەناو کەشی دیمەنی ڕیالیستی و تەکنیکی نواندنی سروشتگەراییانەدا توانای بەرجەستەکردنیان زیاترە، بەتایبەت لە دۆخ و دیمەنە سۆزداریەکاندا.

3 - ئەکتەرانی پیشەگەر بە ئەزمون و شارەزایی دەتوانن شێوازی جیاوازو دژبەیەکیش لەبەرجەستەکردنی کاراکتەری هاوشێوەدا پەیڕەوبکەن، بەرپرسیاریتیی هونەرییانەی زیاتریش لە گەمەی نواندندا لەگەڵ ئەکتەری ئەماتۆر لەئەستۆ دەگرن.

4 - ئەکتەرە ئەماتۆرەکان زۆرجار بەهۆی کەمی یان نەبونی پێشینەو شارەزایی لەنواندندا تەنها وەک جێبەجێکارێک دەردەکەون.

5 - جەستەی ئەکتەرە پیشەگەرەکان بوێرییان لەجوڵەدا زیاترە بەبەراورد بەجەستەی ئەکتەرە ئەماتۆرەکان کە شارەزایی و ئەزمونیان لە تەکنیکی نواندندا کەمترە.

6 - شێوازی (فیلمی ڕێگە)، قورساییەکی زیاتر بەنواندن دەبەخشێت وسەنگی کاراکتەریش زیاددەکات، بۆیە دەرفەتی زیاتر بۆ گەمەی نواندن دەڕەخسێنێت.

7 - لەساتەکانی بەریەککەوتنی دو ئەکتەری پیشەگەری خاوەن دو شێوازی جیاوازی نواندن یان ئەکتەرێکی پیشەگەرو ئەکتەرێکی ئەماتۆردا، تەکنیکی (کردارو پەرچەکردار) دەبێتە گەمەی سەرەکیی نواندن.

8 - ئەکتەرانی ئەماتۆر لەنواندنی پەرچەکرداردا توانایان زیاترە تا لەنواندنی کرداردا، چونکە کردار پێویستیی بە دەستپێشخەری هەیە، واتا ناچاریان دەکات خۆیان ببنە ئەنجامدەر، بەڵام پەرچەکردار کاردانەوەیە، واتا بەکاریگەریی کارتێکەرە دەرەکییەکەیان دەبنە ئەنجامدەر.

9 - لەساتەکانی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی ئەکتەرێکی پیشەگەرو ئەکتەرێکی ئەماتۆردا کەمیی دیالۆگ، خزمەتێکی بەرچاو بەگەمەی نواندن دەکات، چونکە دەرفەتی زیاتر بە نواندنی فیزیکی دەدات، بەمەش پێکهاتەیەکی ناوازەی نواندن لە تێکەڵکردنی هەستی ئەماتۆریانە و تەکنیکی پیشەگەرانە دروست دەبێت.

## سەرچاوەکان


ئادلەر، ستێلا (٢٠٠٨). هونەری نواندن، لە فارسیەوە: سەروەر قەرەداغی و شوان عەباس بەدری، سلێمانی: چاپخانەی حەمدی.

ئۆبراین، ماری ئالن (٢٠٠٩). نواندن لەسینەمادا، لەعەرەبیەوە: عەلی کەریم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

جاف، د. فازل (٢٠١٣). فیزیای جەستە - میرهۆڵدو شانۆی جوڵەو ڕیتم، لەعەرەبییەوە: کامەران سوبحان عەبدوڵڵا محمود زەنگەنە، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

چێخەف، مایکل (٢٠١٥). چەند وانەیەک بۆ ئەکتەری لێهاتو، لەئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقوب، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

شکسپیر، ولیام (٢٠٠٨). شانۆیی هاملێت، لەئینگلیزییەوە: د.ئازاد حەمەشەریف، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

غەریبزادە، حوسێن عەبدوڵڵا (٢٠١١). مێژوی سینەمای جیهان، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

فوئاد، ڕەفیق (٢٠١٠). گۆڤاری فیلم، ژمارە(٤)ی تەموز، سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد.

کەین، مایکل (٢٠٠٨). نواندن لەسینەمادا، لەفارسییەوە: سەروەر قەرەداغی، سلێمانی: چاپخانەی ڕون.

کۆمەڵێک نوسەر (٢٠٢٠). ڕێچکەی لی ستراسبێرگ لەڕاهێنانی ئەکتەردا، لەعەرەبییەوە: د.سەردارمحمود، هەڵەبجە: چاپخانەی هەژار موکریانی.

مجيد محمد سعيد، آريان (٢٠٢٣). ڕەنگڤەدانا ژیواریا ئیتالی ل سەر ئەدایا ئەکتەری دفلمێ کوردیدا، هەولێر: زانکۆی سەڵاحەدین،کۆلێژی هونەرەکان، ئەم ماستەرنامەیە بڵاونەکراوەتەوە.

ارنهايم، ڕودولف (١٩٧٤). فن السينما، تر: عبدالعزيز فهمي وصلاح التهاني، القاهرة: المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر.

بار، تونى (١٩٩٣). التمثيل للسينما والتليفيزيون، تر: أحمد الحضرى، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

جاننيتي، لوي دي (١٩٨١). فهم السينما، تر: جعفر علي، بغداد: دار الرشيد للنشر.

جورنو، ماري تيريز (٢٠٠١). معجم المصطلحات السينمائية، تر: فائز بشور، دمشق: المؤسسة العامة للسينما.

زاخافا، بوريس (١٩٩٨). إعداد الممثل، تر: توفيق المؤذن، القاهرة: مكتبة مدبولى.

سالم، احمد (١٩٨٣). التعبير السينمائي (الفلملوجيا)، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

صالح، امين (٢٠٠٢). الوجه والظل في السينما، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

Comey, J. (2002). The Art of Film Acting: A Guide for Actors and Directors (No. 11). Taylor & Francis.

Fabe, Marilyn (1975). Closely Watched Films, published in a series of Film Study Extract Booklets, Macmillan Films Inc., Mount Vernon, N.Y. https://www.craftfilmschool.com/userfiles/files/Closely

Gleghorn, C. (2016). A star is born The rising profile of the non-professional actor in recent. *Stars and Stardom in Brazilian Cinema*, 210.

Pudovkin, V. I., & Montagu, I. G. S. (1958). Film Technique and Film Acting. Translated and Edited by Ivor Montagu. Memorial Edition with Portrait, Memoir and a Revised and Completed Record of the Author's Film Work. [With a Portrait.]. Vision Press; Mayflower Publishing Company.

Rabiger, M. (2013). *Directing: Film techniques and aesthetics*. Routledge.

Zimnica-Kuzioła, E. (2021). The Process of Becoming a Professional Actor. *Przegląd Socjologii Jakościowej*, *17*(3), 76-95.